سەماحەتی حەکیم .. ڕژاوا زۆر بە دووڕوویی مامەڵە لەگەڵ کێسی فەلەستینی دەکات و سەرمان سوڕمایە لەو ناونیشانە بریسکەدارانەی ئەوان کە باسی ئازادی دەربڕین و مافی مرۆڤ دەکات



لە ڕۆژی هەینی پبرەز لە ڕۆژی 20-10-2023 لە میوانخانەی شێخ عبد ئەلحوسێن زبون ئەلموحەمداوی و بە ئامادەبوونی شێخ شەلال فالح ئەلسەهیود، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە کەمەیك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزەکانی ئەلبو محەمەد شێخەکانی ناوچەی ناحیەی جسر کەوت، لەم دیدارەدا باس لە مژووی دروورودرێژ و هاوبەشی لەگەڵ ئەوان کرد سەبارەت بە ووبەووبوونەوەی دیکتاتۆریەت و بنیاتنانی دەوڵەتی تازە.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە مامەڵەکردنی ڕژاوا لەگەڵ کێسی فەلەستینی دووڕووی هەیە سەبارەت بە مافی مرۆڤ و ئازادی ڕا دەربڕین، گوتیشی ڕژاوا بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسە دەکات کە قورئانی پیرۆزی سووتاند وەك ئەوە بێت کە خاوەن ڕاوبۆچوون بێت، لەکاتێکدا ئەو کەسە سەرکوت دەکات کە پاڵپشتی فەلەستین بکات و داوای ڕاگرتنی ئەو قەسابخانانە دەکات.

سەماحەتی حەکیم سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو مامەڵەی ڕژاوا لەگەڵ ووداوی نەخرشخانەی ئەلمعمەدانی کرا و کە چۆن بەدوای سیناریۆیەکی ئیسرائیلییەکە چوون بە ئەوەی لێی ورد بنەوە، گوتیشی ڕژێمی ئەو بۆمب و تەقینەوە و خستی ئاگرکێی و هۆزی تێکدانی هەموو ئاماژەن کە سوپای داگیرکەر ئەو کارەی کردوە، گوتیشی سیاسەتی بینی ئاو و کارەبا و دەرمان و خۆراك ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کە ئیمام عەلی (سڵاوی لێ بێت) لەگەڵ کەسەکانی لە ووودای کەربلا تووشی هات، ئەوەتەوستانەش جێی سورسوڕمانن کە چۆن بە شێوە و ڕژێك ئەو هەموو ناونیشانە هاتنە کایەوە.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە زوڵم لەکردن وەك بۆمبکی ئەتۆمی وایە، بەڵێنی خودایش دڵنیایت مەکر و فێڵی خراپ شەڕ و نەهامەتی و کوشتن نەفرەتی بە ئەوانە دەهێنێت کە دەیکەن جا ئیستا بێت یان دواتر بێت، ووونیشی کردەوە کە مەرجەعیەتی ئایینی باڵا ڕەوەکی سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ کێسی فەلەستین کە سەرکەوتن بە زوڵمکەرانی فەلەستینییەکانی لەگەڵ داوای مافی خۆی بە دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستینی و هاوپەیمانێتی کردن.

سەرۆکی ئەوتی حیکمە گوتیشی کە پێشنگیەکانی ئەو قۆناغە باس لە خزمەتگوزاری دەکات ئەویش دوای ئەیشتنی ئەکاریری ئەمنی و سیاسی و کەمەڵایەتی ، جەختیشی کرد لەسەر قەستنەوەی بوونی پارێی زۆر بە ئەوەی حکومەتی خۆجێی ئەکتیف هەبژێرین تا بەباشی و دادپەروەرانە چاودێری دەخەکە بکات و پارەکانیش بە دادپەروەرانە بەسەر پێڕەکان دابەش بکات لەبەر ئەوەی ئەو پێڕانە گەر ئەنجامدرا ئەوە هەنگاوێکی گەورە دەبێت لەپێشکەوتن لەهەردوو بواری خزمەتگوزاری و ژێگاوبان.
سەماحەتی گوتیشی عەراق ئەمڕۆ لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو جیاوازی هەیە، لەبەر ئەوەی ئیستا پێگەی خۆی لەسەر ئاستی ناوچەکە گەشەندوەتەوە و جەختیشی کردەوە لەسەر بەهاوکردنەوەی گەشبینی و بەشداری کردنی ئەکتیف لە هەبژاردنەکانی داهاتوودا.